# ئەدەب لەپێناوی شوناسدا

د. ئەرخەوان محەمەد عوبێد
(زانکۆی کەرکووک- کۆلێژی پەروەردەی زانستەکانی مرۆیی- بەشی زمانی کوردی)

دەنگی بانگەوازێک لە (فیستیڤاڵی ڕامان)ەوە بۆ ئەدیبان، ئەدەب هەمیشە توانیویەتی شت بگۆڕێ و شت دروست بکات، ئێوە شوناسی کوردی بپارێزن و پێشی بخەن.

**سەرەتا بۆ ئەم ناوونیشانە:**

هەمیشە ئەدەب ئەرکدار بووە، ئەدەب لای مارکسییەکان لە پێناوی ژیان و ئایدیۆلۆژیادا بوو، لای فۆرمالیستەکان و بنیادگەرەکان ئەدەب لەپێناوی ئەدەبدا بووە و بەپێی سەردەمەکان و تەوژمەکانی بیر و فەلسەفە و ڕەخنە، ئەدەب هەرجارەو پێناسە و ئەرکێکی بینیوە، بەبڕوای ئێمە بۆ ئێستای کۆمەڵگەی کوردی، لە هەموو شتێک زیاتر پێویست دەکات ئەدەب لە پێناوی شوناسدا بێت.

کاتێک کۆمەڵگە لە ژێر باری گۆڕانێکی زۆر خێرای بەدوایەکی هاتوودا دەبێت، هەڕەشەی سەرەکی و ڕاستەوخۆ بۆ سەر شوناس دروست دەبێت. ڕێگری لەم هەڕەشانە ئەرکی ئەدەبە، چونکە ئەدەب ئەو ئامێرەیە کە مرۆڤ فێری بیرکردنەوە و چۆنیەتی تێڕامان دەکات، جا ئەگەر بیرکردنەوەی دروست ببەخشرێت، بە پێی ویستی خۆمان شوناسێک دروست دەبێت.

**- پێوەندی نێوان ئەدەب و شوناس**

بێگومان پێوەندی نێوان ئەدەب و شوناس پێوەندییەکی تەواوکارییە، هەردووک پێکەوە کاردەکەن و ڕەنگدانەوەی یەکتریشن. ئێمە لێرەدا باسی ئەو وردەکارییەی نێوان ئەدەب و شوناس ناکەین، کە لە دەیان کتێبدا باس کراوە،

بەڵکوو جەخت لەسەر کاریگەری ئەرکی ئەدەب لە دروستبوونی شوناسدا دەکەین، چونکە نەوەی نوێی میللەتی ئێمە مۆدێل، یان ڤێرژنی نوێی کوردە، واتا شوناسێکی نوێی هەیە، دەبێت ئەدەب لەئاست ئەو بوونە نوێیەدا بتوانێ ڕۆڵی بگۆڕی ئاراستە ببینێ، بگۆڕی ئاراستە ئەرکی ئەوەیە نەهێڵێ تەوژمی ڕۆشنبیری و کولتووری دەرەکی بە ئارەزووی خۆی فۆرمی شوناسی کوردی بگۆڕێ، هەروەها بتوانێ ڕێگە لە هەندێک تەوژمی دژە شوناس بگرێ. ئەگەر نا لە ململانێی شەپۆلی شوناسە جیاجیاکاندا، شوناسی نەتەوەیی کورد ون دەبێت.

دەبێت نووسەری بەئەزموونی کورد (وەچەی کۆن) درک بەوە بکات کە نەوەیەک دروست بووە، یان وا دروست دەبێت، کۆپی وەچەی کۆن نین و دەبێت بە ئەزموونی خۆیان و بەپێی بیرکردنەوەی ئەوان بەرهەمگەلێک بنووسن کە هەم پارێزەری شوناسی کورد بێت و هەم تەریب لەگەڵ گۆڕانە خێراکانی جیهانگەراییدا بڕوات. بێگومان ڕەچاوی کورتبڕی تێدا بکرێت، چونکە نەوەی نوێ نەوەی ئینتەرنێتن و کورتە و چڕکراوەی هەموو شتێکیان دەوێ، واتە ئێمە باسی ئەدەبی نێو جیهانی نوێی ئینتەرنێت و ئەدەبی سەردەمی بێکاتیی دەرەوەی ئینتەرنێتیش دەکەین، چونکە ئەگەر نووسەرە بە ئەزموونەکانمان فریا نەکەون، کاتێک ئاگادار دەبینەوە شیعر و چیرۆک و نووسین و لێکۆڵینەوە هەمووی بە (ئەی ئای- AI) کراوە، ئیتر ئەی ئایش بە ئارەزووی داتاکانی خۆی شوناسی بۆ کورد دروست کردووە، ئەمە قسەیەکی سەرزارەکی نییە، ئەمە ترسێکی ڕاستەقینەیە، من وەک مامۆستا بینیومە و ئاگاداری ئەو کێشەیەم لە ناو گەنجدا، بۆیە دەڵێم ناکرێ شوناسمان بەدەست (ئەی ئای)ـەوە بێت.

- (ئەدەب لە پێناوی شوناسدا) لەو دیدگەیەی ئێمە دەمانەوێ چی بکات؟

دەمانەوێ ئەدەب کوردێک دروست بکات لەئاستی ڕۆشنبیریی بیانیدا خۆی بەکەم نەزانێ، لەناخەوە قەناعەتی بەهەبوونی خۆی هەبێت، کوردێک دروست بکات نەنووزێتەوە، ترسنۆک نەبێت و زوو دەستبەرداری کیانی خۆی نەبێ، کوردێک دروست بێت، تەنیا لەگەڵ خەم و ئازایەتی و کولتووری کۆندا نەژیت و هەر بیڵێت و بیڵێتەوە، دەمانەوێ کوردێکمان بۆ دروست بکات بنەمای کورد بوون و ڕەچەڵەکی خۆی و جوگرافیا و کولتووری خۆی لە نێو فیکری نوێدا وەگەڕبخات. ئامادەیی تێدا دروست بکات کە ئەگەر ڕۆژێک بۆی هەڵکەوت و بوو بەخاوەن وڵات، خۆی بە شایەنی ئەو وڵاتە بزانێ و شاگەشکە نەبێ و بەهۆی نامتمانەبوونی بەخۆیەوە هەلەکە لەدەست خۆی بدات.

- مەبەستمان لە زوو دەستبەرداری کیانی خۆی نەبێت چییە؟

**یەکەم:** بەرانبەر بە کولتوورە بیانییەکان، زوو دەستبەرداری کولتووری خۆی نەبێت.

**چارەسەر:**

* ئەگەر ئێمە لە ڕێگەی نووسینەوە بتوانین سیناریۆی باش بۆ تاکی خۆمان بەرهەم بهێنین، کوردێکی سەردەمیانە لەنێو جیهانی نوێدا وێنابکەین بە باوەڕبوون بەخۆوە، بێگومان سینەمای باش و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی باشمان دەبێت، کە واش بوو، تاکی کورد تاڕادەیەکی کەمتر لە ژێر هەژموونی زنجیرەی تورکی و هیندی و کۆریدا دەبێت.

* ئەگەر نووسەری ئێمە بتوانێ بۆ منداڵ و هەرزەکاری ئێمە کارەکتەری کوردی باو- ترێند دروست بکات، ئەوە گەنجی ئێمە لەپاڵ کڕینی زنجیرە چیرۆکەکانی هارییۆتەر و میلیفسنت.. زنجیرە چیرۆکی سەرکێشییەکانی کارەکتەری کوردی دەکڕن.. ئەمە چۆن دەبێت، بۆ نموونە؟

* دەبێت نووسەری کورد هان بدرێت کارەکتەرێکی کوردییانە دروست بکات و جارێک بچێتە ناو یاری ڕۆبلۆکس و جارێک مایکرافت و جارێک فۆرتنایت...تاد. بۆ نموونە لە مایکرافتدا قەڵایەک دروست بکات و لە وێوە سەرکێشییەکانی دەست پێ بکات و کەسایەتییەکی مێژووی کوردیش بێتە ناو یارییەکەوە و هەندێک سەرکێشی لەگەڵ کارەکتەرە کوردەکە بکەن، پاشان لە ناو یارییەکی دی بەشێوازێکی تر سەرکێشی بکات، بەڵام لە هەموویاندا کوردبوونی کارەکتەرەکە بە وردی ئاراستە بکرێت.. دەمانەوێ کارەکتەرێکی وا دروست بێت خەڵک پێش بڵاوبوونەوەی لە نۆرەی وەرگرتنی کتێبەکاندا بوەستێ، پۆزی هەبێ کڕینی کتێبەکان و کارەکتەرەکە ببێتە باو- ترێند لای تاکەکانی کورد، هەموو منداڵ و هەرزەکاری کورد بیناسن.

* بۆ هەر ئاستێکیش بە پێی پێویستییەکانی ئاستەکە بۆمان بنووسرێ، بەڵام هەمووی ڕەچاوی شوناسی کوردیی تێدا بکرێ بۆ نموونە:

(مەم و زین)ێکی نوێمان دەوێ ببێتە ترێندی خۆشەویستی کوردی سەردەمیانە و لە ئاستی بەرزی بەرهەمی (مەم وزین)دا بێت و کولتووری نوێی کوردی تێدا ڕەچاوکرابێت.

کارەکتەرێکمان دەوێ لە ئەنفالەکانەوە، بە هێزێکی زۆرەوە پاش مردن هەستابێتەوە. تەنیا باسی ئەو نەهامەتییە نەکات کە بەسەریاندا هاتووە، بەڵکوو ببێتە (زۆرۆ)ی کوردی و تۆڵەبسەنێتەوە، بەڵام نەک لە ژێر هەژموونی سۆز، بەڵکوو لە ژێر هەژموونی عەقڵدا ئەرکەکەی بەجێ بهێنێت، واتە (تەنیا چەکێک نەگرێتە دەستی و دوژمن بکوژێ، بەڵکوو لە پاڵ هێزی چەکداریدا بە ئابووری و هزری کولتووری بەرانبەرەکەی ببەزێنێت) و ببێتە هۆی نیشاندانی عەقڵی مۆدێرنی کوردی لە تۆڵەسەندنەوەدا.

پێویستمان بە ڕشتەی مرواریەکی نوێیە و مەلا مەشهووری نوێیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمیدیای کوردی بە شێوەیەک لەگەڵ پێداویستی ئەمڕۆدا بگونجێت و لەهەمان کاتدا ئەدیبێکی خاوەن توانست ئاراستەی کردبێت.

**پێویستمان بەزۆرانە**

کێشەکە ئەوەیە بەرهەمی چاپکراو و بڵاوەبوو لە سوشیاڵ میدیادا زۆرە، پرسیار ئەوەیە بۆ هیچیان نابنە ترێند لەناو خوێنەران و کاریگەری درێژخایانیان نییە؟

لە ئەنجامی گەڕان و توێژینەوە لە بەشە کوردییەکانی هەموو زانکۆکانی کوردستان، بۆمان دەرکەوت کە بەرهەمێک نییە هێندە قوتابیانی سەرسام کردبێ کە نیوەیان نەک هەموویان خوێندبێتیانەوە و بیزانن و قسەکانی بەرهەمەکە لەسەر زاریان بگوترێتەوە. واتە ڕۆشنبیرییەکی گشتی کوردیمان نییە هەموو تێیدا بەشداربین، لە کاتێکدا کە نەوەی شەست و حەفتاکانی میللەتی خۆمان بدوێنین، دەبینین چەند بە تامەزرۆییەوە باسی کتێبی دایکی مەکسیم گۆرکی و کتێبەکانی تۆلستۆی و....تاد. دەکەن و تا ئێستا نموونەی کارەکتەرەکانیان لەبیرە، واتە کورد پێویستی بە بیرێکی خۆماڵی کوردییە لە ئاستی ڕۆشنبیری مارکسی جاراندابێت، بۆ ئەوەی بتوانێ مێشکی کورد داگیربکات، ئەمەش کارێکی زۆر قورس نییە، چەکەرەکەشی لە ئەدەبەوە دەبێت و ئەرکی ئەدەبیشە بیکات.

**دووەم:** ئیسلامی کوردی زوو دەستبەرداری، ئیسلامی عەرەبی و ئێرانی و تورکی نەبێ.

دەبێت ئەدەب لە ڕێگەی ڕۆمان و شیعرەوە، ئیش لەسەر ئەوە بکات ئیسلامی کوردی جێگەی ئیسلامی عەرەبی و ئیسلامی ئێرانی و تورکی بگرێتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە شوناسی کوردی نەشێوێنرێ.

**سێیەم:** زوو دەستبەرداری مێژووی خۆی بۆ

مێـژووی میللەتانـی تـر نەبێـت.
دەبێت لـە نێـو ئەدەبـدا مێژوویـەک بـۆ تاکـی کـورد دروسـت بکرێـت، مێژوویەکی مۆدێرن، تەنانەت ئەگەر باسـی سـەردەمی براکوژیـش بـوو، هیوابەخـش بێـت. مێژوویـەک زادەی خەیاڵـی دروسـتکردنی داهاتـوو بێـت، واتـە مێژوویـەک بێـت لـە پێنـاوی داهاتـوودا. مێژوویـەک نەبێـت تەنیـا تاکـی کـورد بەدیارییـەوە خەفـەت بخـوات و بگـری، بەڵکـوو دەبێـت مێژوویـەک بێـت ورووژانـی سـەرکەوتنەکانی تێیـدا بـە کراوەیـی بمێنێتەوە و بە خۆڵەمێشـی شکسـت دانەمرکێنرێت و خوێنەرێکـی بـێ هیوامـان بـۆ بەجـێ نەهێڵـێ، چونکە ئەگـەر نـەوەی کـۆن جـاران پەنـدی لـە شکسـتەکانی مێـژوو وەردەگـرت، نـەوەی نوێـی ئێسـتا پەنـدی لێوەرناگـرێ و سـەرلەبەری ڕەت دەکاتـەوە و پەنـا دەباتـە بـەر سەرسـامبوون بـە مێـژووی میللەتانـی دی، ئەمـەش ئەگەرچـی سوودیشـی هەیـە، بـەڵام کاریگەرییەکی نەرێنیش لەسـەر شوناسـی ئـەو تاکە بەجـێ دەهێڵێـت.

## کۆتای قسە

- بـۆ ئـەوەی شوناسـێکی کـوردی پارێـزراو دروسـت بێـت، پێویسـت دەکات ئـەدەب هەمـوو ئـەو بۆشـاییيانە پڕبکاتـەوە کـە لـە لای ئێمـە هـەن و سـەرەنجام تاکـی کـوردی ناچـار کـردووە پەنـا بەرێتـە بـەر سـەرچاوەی بیانـی بـۆ پڕکردنەوەیـان.
- دەبێت خەیاڵـی کـوردی پـەرەی پـێ بدرێـت و بەجیهانـی بکرێت.
- ڕاسـتە فێربوونی زمان و خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیـاری بـە زمانـی دیکـە زۆر بەسـوودە و دواتـر ئـەو تاکـە بـۆ خزمەتکردنـی کۆمەڵگـەی کـوردی زۆر بەسـوودتر دەبێـت، بـەڵام بـە مەرجێـک ڕۆشـنبیرییە بیانییەکـە کاریگـەری لەسـەر شوناسـی تاکەکـە نەکردبێـت، بـەڵام ئێسـتا تاکێـک دروسـت بـووە تاقەتـی نییـە و زوو دەسـتبەردار دەبێت، ناحەقیشـی نییـە گۆڕانـەکان زۆر خێـران ئەگـەر ئەدەبەکـەی خـۆی نەتوانـێ لەگـەڵ سـەردەمەکەی ئـەودا بڕوات، دەسـتبەرداری ئـەدەب و شوناسـەکەشـی دەبێـت.
- ئێمـە نامانـەوێ چیتـر ڕۆمـان ڕەنگدانـەوەی واقیـع بێـت، دەمانـەوێ ئـەدەب توخمەکانـی واقیعەکـەی خـۆی بـۆ دروسـتکردنی واقیعێکـی نـوێ بەکاربهێنێـت.

*** ئـەم وتـارە لـە سـێیەمین فیسـتیڤاڵی ڕامـان، ئێوارەی ڕۆژی دووەم، پێنجشەممە، ٢٠٢٦/١٢/١٨، پێشـکەش کراوە.**